چیرۆکی ژیانم

تەمەنێك کە ئیدی ناگڕێتەوە

ك. هێمن



لە ژیانی هەر کەسێکدا تەمەنێکی خۆشی و ناخۆشی هەیە. من وەك لاوێکی ئەم کوردستانە تەمەنی ناخۆشی خۆم گوزەراندووە، بەو هیوایەم لە چوارەمین دەیەی ژیاندا ئاسودە و بەختەوەر بژیم. لەوانەیەئەمە لە ئاواتخواستن بەو لاوە شتێکی دیکەی لێشین نەبێ. بەڵام دیسانەوە خەونو ئاواتێکی لەمێژینەیەو تامەزرۆیی بینینی دەکەم. ئەگەر پێوانە کردنی تەمەن بەخۆشییەکانیەوە بێ، دەتوانم بڵێم لەیەکەمین سااڵی تەمەنمەوە بەرەو دووەمین بەهار دەڕۆم. هەڵبەت لەخۆراوە ئەمانە ناخەمە سەر کاغەز. چونکە لەوەتەی هەستم بە بوونی خۆم کردووە دەنێو ئازارو ژاندا سەوڵی ژیانم لێداوە. کاتێ منداڵبووم، باوکم پێشمەرگەبوو ئاواتم بوو بێتەوە مااڵو بەیەکەوە لەسەر خوانە {سفرە} دابنیشینو خواردن بخۆین، یان لەگەڵیدا بچم بازارو دیاریم بۆ بکرێت. تا تەمەنی هەرزەیی بوو، لەدەست بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی بەعسو ماموستا بەعسییەکان ئۆقرەمان لێهەڵگیرابوو، هەرەشەی دەرکردنو گرتنیان لێدەکردین.تەمەنی لاوی لەنێوان راکردن لەبەرەکانی جەنگو خۆشاردنەوەدا، لەنێوان خۆ پەنهان کردن لەچاوی رەفیق حزبیەکانو موختاری گەڕەکدا بە هەزاران دەردەسەری تەواوبوو. دواتر راپەڕینی رزگاری کوردستانی بەسەرداهات. دوای ٣ سااڵ لەتەمەنی ئەو خۆشەویستییە هەوڵدانم ناکام مایەوە. سەرئەنجام ملم بۆ داوای باوکم داو مااڵواییم لە خۆشەویسترین کەسی ژیانم کرد. من کوڕە گەورەی مااڵەوەبووم، باوکمو دایك زۆر حەزیان دەکرد ژنم بۆ بێننو نەوەی خۆیان ببینن. ئەوان دەیان کەسیان بۆ دەدۆزیمەوە، من رەتم دەکردەوە. هەندێکیان زۆر باشیش بوون، بەڵام دەمویست لا ملیان لەگەڵدا بکەمو تێیان بگەیەنم کە هاوسەر هەڵبژاردن ئاسان نییە. سەرئەنجام بە خوازبێنی کچی پوورم (کچی خوشکی دایکم) رازی بووم. ئەوانیش وەکو خۆمان ئاسا بنەماڵەیەکی دارا بوون. بەڵام بیانۆی ئەوەیان بە دایکم گرت کە کوڕەکەت پێشتر حەزی لەکچێکی تر کردووە، نەوەك دوایی بۆ ئەو کچە بگەڕێتەوەو بیخوازێت بۆیە دەبێ مارەبیەکی زۆر بۆ کچەکەمان بپرنەوە. ئەوان پێیان وابوو ئەگەر مارەیی کچەکەیان زۆربێت ئیدی من فزەناکەمو بە هەموو داوای کچەکەیان رازی دەبم. من بە داخوازی ئەوان رازی نەبووم، بەڵام باوکم ئامادەیی خۆی پێشاندا، لەسەر ٣٠٠٠ میسقال ئاڵتوون مارەی بڕدرا. سەرەتای ژیانی هاوسەریمان وەك زۆربەی ئەو کەسانەی کە مااڵی هاوبەش پێکدەهێنن هەزاران گرفتی بە دوای خۆیەوە هێنا. رۆژی حەوتەم پوورم جنەی گرتو داوای مااڵی سەربەخۆی کرد. من ئامادە نەبووم بچمە ژێر خواستی خەسومەوە بەڵام دیسانەوە دایکم دڵی ئەوانی رازی کردوو لەماوەیەکی کەمدا خانووییان بۆ کریمو گواستمانەوە بۆ نێو خانووی تایبەتی خۆمان.. باوکم دوکانێکی لەتەنیشت خۆیەوە بۆ کریمو دەستم بە کارکردن کرد. هەرچەندە منو خێزانم بە تەنیا لەمااڵ بووینو دەبوایە ئاسوودە بژین، بەڵام لەسەردانی مااڵی باوکیو داخوازییە زۆرەکانی رۆژ دوای رۆژ نیگەرانو دڵتەنگتر دەبووم. ئەو داوای دەکرد خزمەتکاری بۆ بگرم. نەیدەویست بۆخۆی چێشت لێبنێ. زۆرجاران تەلەفۆنی بۆ دەکردمو دەیگوت: {کاتێ دەگەڕێیەوە بۆ مااڵ دوو نەفەر کەباب لەگەڵ دستی خۆتا بێنە}. داوای دەکرد سەیارەی تایبەتی بۆ بکرم. دەیویست هەرگیز لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکەم. ئەو هەڵسوکەوتانە چیکڵدانەی بچوك دەکردمەوە، نیگەرانو بێزاری دەکردم. هەمیشە دەبووایە داواکانی ئەو جێبەجێ بکرێنو قسەکانی ئەو بەسەر بکەون. چونکە باوکو دایکیشم پیشتیوانییان لە ئەو دەکرد. باوکو دایکی خۆشی پشتیوانییان لێدەکردو لەسەر خواستەکانی سوورتریان دەکرد.

خوشکێکی لەخۆی بچوکتری هەبوو، ببووە دەمڕاستی. دەبوایە هەموو شتەکانی مااڵی ئێمە لەسەر داواو رای خوشکە بچوکەکەی ئەوبن. لەسەر داوای ئەو تەختی نووستن دەگۆڕدرا، قەنەفە دەفرۆشرا، گواڕەو ئەنگوستیلەو ئەلقەی پەنجە دەفرۆشرانو هی تازە دەکڕدرانەوە. کەلو پەلی ناندین (مەتبەخ) فرێدەدران. ئیدی هەموو مااڵداری کردنم لەخۆ راوە دەڕوێشت. ئەگەر قسەشم بکردبایە تووڕەدەبوو، دەیگوت: {خۆ من لەبرسان شووم بەتۆ نەکردووە، ئەگەر نەیکڕیت داوا دەکەم دایکم بۆم بکڕێت}. لەراستیشدا دایکی هاوکاری زۆری دەکرد، بەڵام من حەزم بەو هاوکارییە نەدەکرد چونکە پوورم زوو زوو ئەوانەی بەچاوی دایکم دادەدایەوەو دەیگوت: {ئەمڕۆ ئەوەندە پارەم بەکچەکەمدا، فاڵانە کراسم بۆ کڕی، بایی ئەوەندە زیڕم بۆ کڕی}. دایکم لەو قسانەی نیگەران دەبوو، دەهاتە الی منو کوڵی دڵی خۆی پێهەڵدەڕشتم. وورد وورد لەمڕۆڤێکی ئاسایی و سەرداری مااڵ، بەرەو کۆیلەو بندەستێکی لەرزۆك دەگۆڕدرام. داخەکەم ئەوەبوو باوکو دایکیشم لای ئەویان دە گرت. دوایی ناچاریان کردم کە خزمەتکاری بۆ بگرم. ناچاربووم خانووی خۆم بفرۆشمو بچم لەنزیك مااڵی پوورم خانو بکرم. تەنانەت لەسەر خواستی خوشکە بچووکەکەی سەیارە تۆیۆتاکەی خۆم فرۆشتو سەیارەیەکی (بی ئێم دەبلیوو) م کڕی. ئەوان فەرمانڕەوایەکی زۆردارو منیش زیندانییەکی زۆر لێکراو. زۆرجاران دەچوومە الی باوکمو پرسم پێ دەکرد، بەڵام ئەو لەبەر دایکم نەیدەوێرا الی من بگرێ. لەراستیشدا لەمااڵی ئێمەدا دایکم هەمەکارەبوو. رۆژان هاتنو رۆژان چوون، دوای سێ سااڵ منداڵیکمان بوو خەمو خەفەتی ئەم گەردوونە جەنجاڵە بەرهەم هێنا. منداڵ چرایەو مااڵ رۆشن دەکاتەوە، بەڵام خێزانم توانای بەخێوکردنی منداڵی نەبوو، بەردەوام موەلیدەی هەڵدەکرد، لەبەردەم سەتەلایت دادەنیشتو سەیری فلیمی عەرەبیو تورکی دەکرد. نەیدەهێشت کولفەتەکە (خزمەتکار) دەست بۆ منداڵەکە ببات‌و دەیگوت: ئەگەر ئەو ژنە بەخێوی بکات دوایی ئولفەت بەو دەگرێو منی خۆش ناوێت!!. منداڵ لەچرای مااڵوە ببوو بە دێوەزمەی مااڵ. بەردەوام دەگریا. ئێواران کاتێ لەدوکان دەگەڕامەوە، دەبوایە من منداڵەکە وەربگرم. دەیگوت: {ئەو منداڵە زۆر سەیرە هەر لەئێستاوە تۆی لەمن خۆشتر دەوێت، من نەمزانیوە کچ باوکی لەدایکی خۆشتر بوێت}. بەو بیانۆیەوە کچەکەی بەمن دەسپارد، دەبوایە ژیری بکەمەوە. لەراستیشدا کە من لەباوەشم دەکرد، یەکسەر ژیر دەبۆوە. یاری دەکردوو جارجارەش پێدەکەنی. رۆژ دوای رۆژ هەستم بە سووکیو بێنرخی خۆم دەکرد. لەدوکان ماندوو، لەمااڵیش هەر ماندووبووم. ئەگەر مشتو مڕیشم لەگەڵدا بکردایە، هەموو الیەك لاگیریان لەو دەکردو منیان تۆمەتبار دەکرد. رۆژێکییان زۆر لێی تووڕەبووم دەستم هەڵهێناو چەند زلەیەکم لێدا، ئیدی دنیا خراپ بوو. کورد گوتەنی: کابە کەچ بوو (کەعبە خوارىوو). بە تەنیا یەك تەفۆن باوکو دایکی خۆیو باوکو دایکی منیشی هێنایە سەرم، هەموویان تێم بەربوون، سووکو چرووکیان کردم. دەیانگوت {چۆن پیاو دەست لەژنی خۆی بەرز دەکاتەوەو لێدەدات!. شەڕکردن ئاکامی خراپ لەسەر دەروونی ئەو کچە چوار سااڵیە دادەنێ. دوایی دڕقی لەهەردووکتان دەبێتەوەو حەز بەو مااڵە ناکات}. کارێکیان پێکردم، با بەدەواری شڕی نەکردبێت. هەر خوا خوام بوو ببڕێتەوە. ناچار لەبەرچاوی ئەوانەوە داوای لێبووردنم کردوو بەڵێنم دا ئەمە دووبارە نەبێتەوە. چۆن دەمتوانی بەڵێنەکەم ببەمە سەر، چونکە رۆژ دوای رۆژ مااڵ تەنگترو پڕ ئاژاوەتر دەبوو. ئەگەر قسەم دەکرد پیاو خراپ دەردەچووم، ئەگەر قسەم نەدەکرد دەروونم پڕ زووخاو دەبوو. ئیتر لەمااڵ بێزاربووم. چەند شەوێك دڕەنگ چوومەوە مااڵ. ئاشنایەتیم لەگەڵ خواردنەوەدا پەیداکرد، بەڵام خواردنەوە دوا رۆژێکی تاریکرتری هەبوو، لەالیەکەوە هەموو خزمان سەرکۆنەیان دەکردم، لەالیەکی تریشەوە خێزانم سوێندی لێ خواردم ئەگەر بەمەستی بچمەوە مااڵ دەرگام لێناکاتەوە. بیرم لەجیابوونەوە کردەوە. بەڵام جیابوونەوە زۆر گرانو زەحمەت بوو. ناکۆکی نێوان هەردوو بنەماڵەی لێدەکەوتەوە. دادگە هەموو مااڵەکەی بەو دەدا، سێ هەزار میسقال زێریش سەربار دەوەستا. تەنیا رێگەچارە ئەوەبوو کە ولآت جێبهێڵمو روو لەهەندەران بکەم. بۆ ئەم مەبەستە نەخشەیەکم دارشتو چیرۆکێکی خەیاڵیم دروست کرد. شەوێکیان بۆ هاوسەرەکەم باس کرد. پێم گوت: {ئەگەر دەتەوێ من زیندوو بمێنم تەنیا یەك رێگەم هەیە ئەویش ئەوەیە بچمە هەندەران، کاتێ شوێنی خۆم کردەوە، ئێوەش رادەکێشمو دەتانبەم}. بەو فێڵەوە توانیم دوکانو سەیارەکەم بفرۆشمو پێی بگەمە ئەورووپا. ئەمە سااڵێك وچەند مانگێکە ئاسوودەو بەختەوەر لەولآتێکی ئەورووپادا دەژیم. بڕیارم داوە تا ئەو کچە پوورەم لەسەر ناوی من بێت، روو لەکوردستان نەکەمەوە هەرچەندە مافی مانەوەم پێنەدراوەو لەکچەکەشم دوورم، بەڵام چونکە لەدەست هاوسەرەکەم رزگارم بووە، ئیدی هەست بەبوونی خۆم دەکەم. ئارەزوو دەکەم لەماوەی دابڕانی منداە، هاوسەرەکەم بۆخۆی داوای جیابوونەوە بکات و تەاڵق وەربگرێ. ئیدی بەو جۆرە لەکۆڵ یەکتر دەبینەوەو منیش هەناسەیەکی نۆخەی هەڵدەکێشم. داخی گرانم ئەوەیە تەمەنێکی زۆر لەخۆ رایی رۆشتووەو ئیتر ئەو سااڵنە ناگەڕێنەوە.

ژن، لەیەکەم رۆژەوە نەویستراوە

کوێستان د.

هەر لەوکاتەوە کە سێکسی پڕ دەردەکەوێت، مانایەکی جنسیی دەدات. هاوڕێیانو دەرو دراوسێ پاش چاکوخۆشی بەدەنگێکی پڕ نزاوە ڕووەکەنە ژنە سکپرەکەو پێی دەڵێن: ئینشەاڵ خودا کوڕێکت پێ دەدات، یان ئینشەاڵ کوڕ دەبێت. کوڕ، ئەوی کە لەپاشەڕۆدا دەبێت بە پیاو، ئەو لەدڵەوە دەخوازێت. بەاڵم ئاشکرایە کە هەموو دوعایەك ناگاتە شوێنی خۆی‌و بە هەرحاڵ نێزیکەی نیوەی منداڵان کچ دەردەچن

لەکۆمەاڵگای جووتیاریو کشتوکاڵیەکان بە نەریت لەدایکبوونی کچێك گێروگرفتی گەورە بۆ ژنە دایکێك دەنێتەوە، بەاڵم لە کۆمەاڵگای دوواکەوتوودا بە گشتیی گێروگرفتەکان دەشێت بچووك بن یاوەکو زۆر گەورە بن. هەموو ژنێك لەسەر ئەوە ناکۆزێت کە کچێکی ببێت، بەاڵم ژمارەی ئەو ژنانە کەم نین کە سااڵنێکی دوورودرێژ، شایەتن بەدرێژایی ژیانیان، دەبێت باجی ئەو کەسە بدەن. قسەی ناشیرین پێگوتن، وێژدان ڕووشاندن،هەست برینداركردن، نەدوانەدن، لەخۆدوورگرتن، ئەمانە هیچیان زەبری فیزیکیان تێدا نییە، هیچیان جێ برینو شوێنی لێدان بەجێناهێڵێن. کێ دەتوانێت شوێنەواری ئەو جۆرە ئازاردانە لەسەر ڕووخساری ژنێکی وا ببینێت؟ بەتایبەتی لەکۆمەاڵگایەکدا کە عەبا، پەچەو سەرپۆش ژنێك بەتەواوی دادەپۆشن.

کێ دەتوانێت لەشوێنەی لووتێك، دەمێکو دووچاودا شوێنەواری برینێکی وا ببینێت؟ بەڵێ، ڕەنگە کەسانێك لێرەو لەوێ هەبن کە شوێنەواری ئازارێکی وا لەچاوی ژنێکدا ببینن، بەاڵم خۆ ئەو بینینە هەرگیز هیچ قازانجێکی کۆنکرێتی بۆ ئەو ژنە تێدا نابێت. لەکۆمەاڵگای دواکەوتوودا هونەرێك زۆر باوە، ئەویش هونەری شاردنەوەی عەیبەیە. ئازاردانی ڕۆح وەك عەیبەیەك دەبینرێت. هەر لەبەر ئەوە هەموو ئازاردراوێك هەوڵدەدات هێندەی بتوانێت بیشارێتەوە. درۆکردن لەگەڵ خودو لەگەڵ دەوروبەردا ئارەزووو حەزێکی زگماکیی نییە، بەڵکو بەردێکە بۆ شاردنەوەی شتێك کە پێی دەگوترێت "عەیبە". چەند ئاهی سارد، چەند داخی گران ڕۆژانەلەم گوند و شارۆچکەو شارانەی ئێمە بەرز دەبنەوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ بنمیچێك؟

کچان، ئیتر بوویستێت یان نا، لەدایك دەبن. لەبریتی خۆیان دایکیان زیندە بەچاڵ دەکرێت. زیندە بەچاڵ، بەاڵم نە بەجەستە. دایکێك هەر دەبێت بژی، دایکێك پێویستە بۆ ئەوەی منداڵ بەخێو بکات، خۆراك ئامادە بکات، جلوبەرگ بشوات، میوان بەخێربێنێتو بەڕێ بکات، دڵی مێردە ڕابگرێتو ماندووبی بشکێنێت.

کار لێرەدا تەواو نابێت. کچ کە لەدایك بوو، چاوەڕوانیی لەسەرە. کچ دەبێت جوان بێت. جوانیی لەکۆمەاڵگای پیاوساالردا تەنیا سەرمایەیەکە کە ژن بتوانێت خۆی پێوە با بدات. بۆ ئەوەی ژنێك هێندەی دیکە بەدبەختیدای‌نەگرێت، شتێکی زۆر باشە کە کچەکەی جوان بێت. ئەڕێ، دەبێت بە نموونە بۆ عەیبە. هەر خودی ئەو ژنە خۆی دەبێت بە پارچەیەك عەیبە. بەڕاوردی ئەو دۆخە بکەین لەگەڵ هی پیاوێکدا کە دوو، سێ یان چوار ژنی هەبێت. ئەو پیاوە دەتوانێت لەگەڵ هەر هەموویان دانیشێت، ئەو نانە بخوات کە ئەوان بۆیان دروست کردووە و لەگەڵیشیاندا هەڵپەڕێت. عەیبەکە شتێکە کە لەگەڵ جنسی ژندا لەدایك دەبێت، کۆرپەیەکی مێ ئاوەڵمندالەکەی هەروەك کۆرپەیەکی نێر لێ دەکردرێتەوە، بەاڵم هەر ئەو کاتە عەیبەیەکی پێوەدەنێن، کە بەراستی کوڕە پێوەی نانرێت. ڕستەی وەك "ژن جوان" لەشیعرو ئەدەبدا گوزارەیەکی پیاوانەیە بۆ شتێك کە لەبەرانبەر خۆیاندا دای دەنێن، نەك وەك شتێك لەناو خۆیاندا، وەك مرۆڤ. ئەو گوزارەیە بەرهەمی گوتارێکی پیاوانەیە کە خاوەنی مێژوو، بیرکردنەوە، فەلسەفە، ئەزموون، سیاسەتو دەسەاڵتی ئابووریە. پیاوێکی ڕووتوقووت ناتوانێت جوانی بکات بەگوزرێکی وا کەبەر زۆربەی زۆری ژنان، جا ڕەنگی پێستیان هەرچۆنێك بێت، بکەوێت. هەربۆیە سیاسەتکردن جێگای جوانان نییەو جوان جێگای لەسیاسەتدا نییە.

جوانیی پێوەندی دەستەاڵت لەناو ژنو پیاواندا پەنهان دەکات. پیاو دەکات بەمرۆڤو ژن دەکات بە"جوان"، بە ئەوی دیکە. هاوکات کە "جوانەکە" لەڕاستیدا هەر تەنیا لەو کاتەدا بەرەوی هەیە کە پێناسەی ئەو سەردەمەی پیاو دەیگرێتەوە. جوانیی لەقسەکردندا، لەگوێگرتندا، لەدەستودەم جواڵاندندا، لەدانیشتنو بە پێوەڕاوەستاندا، تەنانەت لەو کاتەشدا کە منداڵێك بە باوەشەوەیە و دەستیش خەریکی کاری دیکەیە، بەرەوی هەیە. وشە وەك بە حەیا "بەعورمەت"، "روسپی"، "روسوور"، بەڕلەوەی مانای خۆیان بدەن مانای جوانییان بۆ ئافرەت گەورەن. ژنێك ئەگەر سێ شووی کردبێت، جا هۆیەکان هەرچییەك بن، ئەوا لە تەواوی شاردا دەناسرێتو هەڵگرتووە. ئەو ژنە جوانە کە دەزانێت چۆن دابنیشێت بەاڵم پیاوێك لەپێناسەی جوانیدا خۆی نابینێتەوە، جا هەرچۆنێك دابنیشێت. تەنانەت کاتێك کە لەهەرە دانیشتنێکی ڕەسمیش دا یەك مەتر القی بکاتەوە. تا ئەوکاتەی جوان لەو مانایەدا بڕەوی هەبێت ئەوا تێگەیشتن، بۆچوونو پوانگەی ئافرەت لەسەر سیاسەتو دەسەاڵت بێ مانا دەبینرێت وەك چۆن قسەی منداڵێك ئەگەر ژۆر دروستو ڕاستیش بێت بە جدی وەرناگیرێتو بە "خۆش" لێکدەدرێتەوە، هەر ئاوا قسەو بۆچوونی "جوانیش" زیاتر لە"خۆش" مانایەکی دیکەی نییە. پیاوگەورەسااڵە، ژن منداڵ. تا ئەو دەمەی ژن بەوشێوەیە نوێنەرایەتی جوانیی بکات لەدەرەوەی جۆرەکانی دەسەاڵتدا دەهێڵدرێتەوە، واتا دەرهاوێژراو دەبێت نەك لەناوادا. یەك لەماناکانی فێمینیزم بەم شێوەیە بۆ من ئەوەیە کە ئافرەتی فێربێت بڵێت "نا" بۆئەو شتانەی کە بە"نا" تێیان دەگات، ئەوجا ئەو "نا" یە لەهەموو ئەوشوێنانەو لەکاتی خۆیدا بڵێت کە پێویستن. ئەرکێکی فێمێنیستان ئەوەیە کە پێناسەی پیاوانە لەچەمکێکی تەواو بە سیاسی کراوی وەك جوانی دابماڵێتو بەپێی هەڵومەرج و تێگەیشتنی خۆی پێبناسێنێتەوە. هەڵبەت ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بین کە دیاردەیەکی وا، کلتوورێکی وا، فەرهەنگێکی پیاساالرانەی داکوتراوی وا، لەکوردستان لەشەوو ڕۆژێکدا نەمێنێت، بەاڵم دەبێت هەموو ڕێبازێکی خەباتی سیاسی، دیموکراتیو فێمێنیستی بگرینە بەر کە ئافرەتی کورد بکرێت بە مرۆڤێکی بەخۆباوەڕ، دڵنیاو هۆشیار کە لەسەر پای خۆی ڕاوەستێت.